# خولی دووهەمی هەڵبژاردنەوەی سەرەککۆمارێک بۆ ئێران

ڕێبوار ڕەشید

هەمووان دەزانن ماوەیەکی زۆرە سەرتاسەری ئێران مەشغوڵی هەڵبژاردنی سەرەککۆمارێکە بۆ ئێران. لە کۆتایی ڕۆژی هەینی، 2005/6/17، کاتێک کە هیچ کەسێک لە پاڵێوراوانی سەرەککۆماریی نەیانتوانی دەنگی پێویستی خەڵک بۆ بردنەوە وەدەست بخەن، دەرکەوت کە خەڵکی ئێران لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دەزانن هەڵبژاردنی سەرەککۆمارێکی نوێ هیچ گیروگرفتێکیان بۆ چارەسەر ناکات.

یەکێک لە هەرێمە گرنگەکانی ئێران خۆرهەڵاتی کوردستانە. لە خۆرهەڵاتی کوردستان گەلی کورد، لە ڕێگای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەوە، جارێکی دیکەش بە ڕوونیی نیشانی دا کە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ ئێران لە دوو حاڵەتدا دەمێنێتەوە. لە باشترین حاڵەتیدا کوردستان هەر وەک ئێستای خۆی، لە ژێر ستەمی نەتەوەیی و بێکاری و بێ خزمەتگوزارییدا، دەمێنێتەوە و لە خراپێکەشیدا دەشێت کەسێکی کۆنەپەرست(تر) بێتە سەر حوکم.

قسەی تێدا نییە کە زۆربەی زۆری خەڵکی کورد ئەم پرسیارەی لە خۆی کردووە: ئایا هەڵبژاردنی سەرەککۆمارێکی نوێ بۆ ئێران دەتوانێت چ مانایەکی سیاسی بۆ کورد هەبێت؟

لەو چارەکە سەدەیەدا کە جمهوریی ئیسلامی ئێران حاکمە نە هەر دەستەڵاتی داگیرکەریی، سیاسەتی دزی و ڕاووڕووتی سامانی سرووشتیی کوردستان، کوشتن و زیندانیکردن و ڕاوەدونانی مرۆڤی کورد بەردەوام بوو، بەڵکو شەڕی کۆنەپەرستانەی مەزهەبگەریی شیعەشی لە خراپترین شێوەیدا هاتە سەر.

لەو چارەکە سەدەیەدا نوێنەرانی جمهوریی ئیسلامی ئێران تەواوی هەوڵیان ئەوە بووە کە بە ڕەوا خۆ بەسەر گەلی کوردا بسەلمێنن و خەباتی گەلی کوردیش بۆ ئەوە بووە کە ئەو پێداگرتنەی نوێنەرانی جمهوری ئیسلامیی ئێران بە درۆ بخاتەوە.

هەر لە بەرئەوەیە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا زۆربایەتی گەلی کورد لە کوردستان "نەخێر" ـیان بە جمهوری ئیسلامی گوت کە دیارە بە کورتی بەم شێوەیەی خوارەوە دۆخەکە دەبینن:

1. گرفتی گەلی کورد لە ئێران لەم کاتەدا ئەوە نییە کە کێ لە ئێران سەرەککۆمارە. تا ئەو دەمەی کە گەلی کورد هیچ مافێکی نەتەوەیی نەبێت، نەتوانێت بە ئارەزووی خۆی و دڵخوازانە نوێنەرایەتی سیاسی خۆی هەڵبژێرێت، هەڵسوڕانی باری ئابووری لە دەستی خۆیدا نەبێت، پلانی ژێرخان و سەرخانی ئابووریی بۆ خۆی لە کوردستان دانەڕێژێت، لە ڕووی جوگرافییەوە توانای دەستەڵاتی سیاسی نەبێت، پلورالیزمی سیاسی لە کوردستان و لە ئێران بەرقەرار نەبێت، ناتوانێت، ئەگەر بیشیەوێت، بە هەڵبژاردن و دەنگدان بە سەرەککۆمارێک ئەو گیروگرفتە بەئەژماردانەی خۆی چارەسەر بکات. گەلی کورد کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هۆشیار دەبێت لەم ڕاستییە باش تێگەیشتووە.
2. جمهوریی ئیسلامی ئێران لە ڕێگای کودەتایەکی مەزهەبییەوە هاتە سەر حوکم. ئەو چارەکە سەدەیەی پێشوو مێژوویەکی تاریک و خوێناوییە و درێژەی دەستەڵاتێکی شۆڤێنیستی نەتەوەی باڵادەستە لە کوردستان. تەنیا لەبەر ئەوەی جمهوریی ئیسلامی ئێران توانیویەتی چارەکە سەدەیەک لە خۆرهەڵاتی کوردستان و لە ئێران حوکم بکات بەو مانایە نایەت کە ئیتر هەبوونیان لای گەلی کورد مەشروعیەتی پەیدا کردووە. نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران بە حەز و ئارەزوویەکی زۆرەوە ئەوەیان دەوێت، بەڵام دەرکەوت کە گەلی کورد زۆر لەو ئاستە بڵندتر بیر دەکاتەوە.
3. لە ئێران و لە کوردستانێکدا کە هیچ دەنگێکی ئۆپۆزیسیۆن نییە، کە هیچ ڕێکخراو و پارتێکی سیاسی ناتوانێت ئازاد بێت، کە چالاکی سیاسی لە دەرەوەی بازنەی ئەو شیعەگەرییە توندڕەوەدا

قەدەخەیە، کە چالاکی ناڕێکخراوەیی و ناسیاسیش ڕێگای پێ نادرێت، چۆن هەڵبژاردنی دیموکراتیک ئەنجام دەدرێت؟

4. لایەک لە نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران بانگەشەی ڕیفۆرمخوازیی بۆ خۆیان دەکەن، بەڵام گەلی کورد تێ دەگات کە مەسەلەی ڕیفۆرمخوازیی لەسەر ئاستی پلورالیزمی سیاسیی لە ئێراندا لە ئارادا نییە. مرۆڤی هەڵبژێردەر ناتوانێت ڕیفۆرمخوازان لە ناو کۆمەڵە پارتێکی کۆنسەرڤاتیڤ، لیبرال، سۆشیالدیموکرات، چەپ و شێوەی دیکەدا هەڵبژێرێت. ئەوی هەیە ئەوەیە کە لەو بازنەی شیعەگەرییەدایە، ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی هەزاران لاوی کورد سوورە، کە هەزاران لاوی کوردیان لە زیندان خزاندووە، کە کوردستانیان لە خەڵکی ڕەسەنی کوردستان کردووە بە دۆزەخ. واتە گەلی کورد ئەو خێرەی پێ دەکردرێت کە لە بەرەکەتی جمهوریی ئیسلامی ئێراندا بۆی هەبێت لە ناو بازنەی شیعەگەراندا نوێنەرێک لە تاقمی ڕیفۆرمخوازان هەڵبژێرێت. ئازادیخوازانی کوردستان و جیهان باش دەزانن کە ئەوە دەرمانی هیچ دەردێکی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ناکات.
5. لە هەڵبژاردنی سەرەککۆماردا هیچ سوننەمەزهەبێک بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت، هەر چۆن نەتەوەی کوردیش بۆی نییە وەک نەتەوە نوێنەرانی خۆی بخاتە ڕیزی پاڵێوراوانەوە. بۆ هەندێک لەوانەی کە سایکولاریست بیر دەکەنەوە ڕەنگە سوننەمەزهەبیەکە گیروگرفتێک نەبێت، بەڵام ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە چونکە هەموو پلاتفۆرمی هەڵبژاردنی سەرەککۆمار لەسەر مەزهەبی شیعەگەری دامەزراوە. بە واتایەکی تر دەرهاویشتنی هەموو مەزهەبێکی غەیرە شیعە لە هەڵبژاردنەکەدا خۆی لە خۆیدا هیچ ڕەوایەتیەکی سیاسی بۆ ئەو بازنەی شیعەگەرییە نەهێشتووەتەوە. بازنە شیعەگەرەکە هیچ ڕەوایەتیەکی سیاسی نییە، نە هەر لەسەر بناخەی پلورالیزمی سیاسی، نە هەر لەسەر بناخەی ئازادیی نەتەوەیی، نە هەر لەسەر بناخەی توانست و لێهاتوویی و لێوەشاوەیی سیاسی، بەڵکو تەنانەت لە سەر ئاستی مەزهەبیش.
6. گەلی کوردستان و باقی گەلانی دیکەی ئێران باش دەزانن کە محەمەدی خاتەمی، کە بە شێری ناو تاقمی ڕیفۆرمخوازانی بازنەی شیعەگەر دادەنرا، لە ماوەی ئەو 8 ساڵەی سەر حوکمیدا نەیتوانی بچووکترین دەستکەوت بۆ گەلانی ئێران و ئایندەی ئەوان وەدەست بهێنێت. ئێستا قسە لەسەر کەسانێکی وەک هاشمی ڕەفسنجانی و مەحمودی ئەحمەدنەژادە کە نەک هەر لە دەرەوەی تاقمی ڕیفۆرمخوازیین، بەڵکو نوێنەری هەموو بازنە کۆنەپەرستیی و مەزهەبیەکەن.

دۆخی گەلی کورد

گەلی کورد لە هەموو بەشێکی کوردستاندا بە دۆخێکی ناسکدا تێ دەپەڕێت. باشووری کوردستان کە بەرەو سەروەریی نەتەوەیی هەنگاو دەنێت ڕۆژانە تووشی تیرۆری تیرۆریزمێکی مەشقپێکراو و یارمەتیدراو دەبێتەوە کە لانی کەم دەستی ئەو سێ دەوڵەتەی دیکەی تێدایە کە بەشی خۆیان لە کوردستان داگیر کردووە. خەباتی ئازادیخوازیی لە هەموو بەشێکی دیکەی کوردستان بەردەوامە، هاوکات کە ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتانە بەرەو قەیرانی سیاسی و ئابووری گەورە مل دەنێن و ڕەوایەتی هەبوونیان تەنانەت لە بنکە جەماوەریەکانی خۆیشیاندا کەوتووتە ژێر پرسیار.

جمهوری ئیسلامی ئێران لەو ئازادییەی باشووری کوردستان زەندەقی چووە، هاوکات دەبینێت کە گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە سەر ئاستێکی باش و لە هەموو ڕوویەکی سیاسی، فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە بەرەو پێشەوە دەچێت. ڕۆژانە کوڕان و کچانی کورد لە خەباتی ئازادیخوازیاندا لە هەموو شار و گوندێکی کوردستان چالاکی دەنوێنن. یەکێک لە گرنگترین چالاکی سیاسییان بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی سەرەککۆمار بوو بۆ ئێران. نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران زۆر باش لەمە حاڵیین، هەر بۆیە دەیانەوێت کە گەلی کورد هەر چۆنێک بێت و بە هەر نرخێک بێت لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری

بکات، چونکە بەلانی کەمەوە بەو مانایە دێت کە خەڵک نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێرانی وەک نوێنەر قبووڵە بۆیە هەڵیان دەبژێرێت.
نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران کە بازنەیەکی شیعەگەری کۆنەپەرستی ماڵوێرانکەری بێوێنەن ئەم ڕاستییە زۆر بە گرنگ دەگرن هەر بۆیە محەمەدی خاتەمی، لە هەرە دۆڕاوی خۆیدا، تکا و ڕجا لە ئێرانیەکان دەکات کە لە هەڵبژاردندا بەشدار ببن. ئەو باش دەزانێت کە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، هەڕەشە نییە بە تەنیا لەو خۆی، بەڵکو بە مانای خستنەژێرپرسیاری هەموو شەرعیەتێکی سیاسی و یاسایی نوێنەرانی جمهوری ئیسلامییە.
ئەوان هەروەها لە هەڵپەی ئەوەدان کە لە ژێر چارشێوی ئەم هەڵبژاردنەدا ئەو قەیرانە بشارنەوە کە خۆیان لە ناو خۆیاندا تێی کەوتوون. ئەو بازنەی شیعەگەرییە تا دێت درزی تێ دەکەوێت، بەرەکان تێک دەچن، کەسایەتیەکان لەسەر کێبڕکێی فەسادی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئەخلاقی لەگەڵ یەکدا تووشی ململانێ بوون، سوپا، هێزی پاسداران و بەسیج و خاهیری زەینەبیان دژایەتی کەوتووەتە نێویان، هەروەک چۆن لە ناو هەر یەک لە خۆیشیاندا ململانێ و ناکۆکی لەسەر دەستەلات پەنگی خواردووەتەوە.
نوێنەرایەتی جمهوری ئیسلامی ئێران بێ لەو هەموو گیروگرفتە زۆرە ناوخۆییە هەروەها دووچاری کێشەی نێودەوڵەتی و ناوچەییش هاتووە. نە پراگماتیزمی هاشمی ڕەفسنجانی و نە زێدەکۆنسەرڤاتیزمی مەحمودی ئەحمەدنەژاد دەتوانێت چی تر ئەو پارسەنگە سیاسییە ڕابگرێت.
لەم کاتەدا بەو شێوەیە بەشدارنەبوونی گەلی کورد لەو هەڵبژاردنەدا ئاگادارییەکی جیددی و گەورە بوو بۆ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران و پەیامێک بوو کە بە ڕاشکاوی و بە ڕوونی پێی گوتن: ئێمە کەسانی ناو ئەو بازنەیەی ئێوەمان بە نوێنەری خۆمان ناوێت، هەر لەبەر ئەوە هیچ ڕەوابوونێکی پێ نابەخشین.
سەرنەکەوتنی یەک پالێوراو لە خولی یەکەمدا گەلانی ئێرانی ناچار کردووە دووبارە یەکێکیان، هاشمی ڕەفسنجانی یان مەحمودی ئەحمەدنەژاد وەک سەرەککۆمار هەڵبژێرن. هەر لە ئێستاوە تاقمی ڕیفۆرمخوازان کە بەرەی دۆڕاو بوون سەنگەری خۆیان فەرامۆش کردووە و ئەو هەڕەشەیە دەکەن کە ئەگەر هاشمی ڕەفسنجانی هەڵنەبژێردرێت ئەوا مەحمودی ئەحمەدنەژاد پیرۆز دەبێت.
جیاوازی ئەم مەتەڵە سیاسییە بۆ خەڵکی ئێران لە پراکتیکدا، ئەگەر خورد بکردرێتەوە بۆ ئازادی نەتەوەیی، ئازادی سیاسی، دیموکراسی، کار، ئاسایش و هتد، چییە، ئەوە دەبێت لە خۆیان بپرسرێت. ڕژێمێکی تۆتالیتاری مەزهەبیی کۆنەپەرست زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤی تاعون و زەقنەبوت شتێکی دیکەی نییە.
نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران بەو شێوەیە دەیانەوێت مەسەلە ئەسڵیەکان لە بیر گەلانی ئێران بەرنەوە و بە زۆری زۆرداریی یەکێک لە بازنەی شیعەگەرییان بەسەردا بسەپێنن. گەلی کورد ناچار دەکرێت کە یەکێک لە دوو کەس هەڵبژێرێت کە هەردووکیان داگیرکەر، کۆنەپەرست، بکوژ و تێکدەری خاک و وڵاتی کوردستانن.
دیتنی جیاوازی شایانباسی سیاسی لە نێوان ئەو دوو کەسەدا لە توانای هیچ زەرەبینێکی سیاسیدا نییە. بەڵام گەلی کورد بکوژی خۆی لە دوورەوە دەناسێت و لەبەر ئەوە لەم دووبارە هەڵبژاردنەوەیەدا حەتمەن دووبارە "نەخێر" ـێکی دیکەیان پێ دەڵێتەوە و دەرگای خۆی لە سەر ڕوویان پێوە دەدات.
ئەو کوردانەی کە لە ترسی دڕندەیی و هەڕەشە و گوڕەشەی سوپای پاسداران، بەسیج و خاهیرانی زەینەب لە خولی یەکدا ناچار بوون دەنگ بدەن، ئێستا هەلێکی زێڕینیان لە بەردەستدایە کە ئەم جارە لە خولی دووهەمدا، دەنگ نەدەن. ئەوان دەبێت بزانن کە پێدانی شەرەفی ڕەوایەتی بە داگیرکەر، بە

بکوژی خەڵکی کورد، بە دزی سامانی سرووشتی کوردستان کارێکی فرە چەوت و بێ مانایە و لەسەر گەلی کورد خوێن و ئایندە دەکەوێت.

ئاییندەی هەموو نوێنەرێکی جمهوری ئیسلامیی ئێران ڕەشە. تەرەفی ڕیفۆرمخوازان لە کوردستان، جا ژمارەیان هەرچەند بێت، بە دیار وەجاخێکەوە وێستاون کە هیچ تین و گەرمیەکی نەماوە.

لە سەنگەری ئازادیخوازییدا، لە سەنگەری پلورالیزمی سیاسی و خەباتی دیموکراسیدا هەموومان بە یەک دەنگ دەڵێین: نا بۆ هەڵبژاردنی هیچ کامێک لە هاشمی ڕەفسنجانی و مەحمودی ئەحمەدنەژاد و هەر کەسێکی دیکەیان. هەموومان لە تەواوکردنی بایکۆتی هەڵبژاردنی خولی یەکدا دەڵێین: نا بۆ دەستەڵاتی داگیرکەر و خۆداسەپێنەری دیکتاتۆری مەزهەبی شیعەگەریی.

لە خولی دووهەمدا، لە ڕێگای دووبارە بایکۆتکردنەوە، ماف و ئازادی نەتەوەیی، سیاسی و دیموکراسی دەهێنینەوە بیری ئەوان ودەڵێین: بەڵێ بۆ کوردستانێکی ئازاد، گەلێکی کامەران و ئاییندەیەکی ڕوون بۆ گەلی کورد.

2005/06/21